# شەونم

هۆنراوەی (41)

دوش وقت سحر از غصه نجاتم دادند

شەوەکی لەو خەمی بووم بەرگی نەجاتیان دامێ
چاخی تاریکە شەوێ ئاوی حەیاتیان دامێ
کاسی پڕشنگ و گڕی روونی وجوودیان کردم
مەی لە کاسێکی شەبەقداری سیفاتیان دامێ
چ بەیانێکی مبارەک چ شەوێکی پیرۆز
ئەو شەوی قەدرە کە وا تازەبەراتیان دامێ
هاتف ئەوڕۆژە کە مزگێنی ویسالی پێدام
لە بری دەرد و خەفەت سەبر و سەباتیان دامێ
لەوە بەدوا من و ئاوێنەیی تاریفی جەماڵ
کە لەوێدا خەبەری دیتنی زاتیان دامێ
هیچ عەجایب نیە گەر کامڕەوا و دڵخۆشم
پێم دەشا خێر و ئەوانیش بە زەکاتیان دامێ
ئەو هەموو نوقڵ و نەباتەی لە قسەم هەڵدەڕژێ
حەقی سەبرێکە کە لەو شاخی نەباتیان دامێ
هیممەتی حافز و ئاهی سەحەری چاکان بوو
لە بری بەندی خەمی بەرگی نەجاتیان دامێ

حافزی حەقیقی